## لەسەر پرسی یەکگرتنی:

# یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی

### فازیل قەرەداغی :

**ئەزموونی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، هێندە تاڵ بوو وا لە مرۆڤ دەکات ڕەشبین بێت بەرامبەر هەر یەکگرتنێک**

### فاتیح سەنگاوی:

**م. عەلی باپیر بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی بۆچونی میانە ڕەویی ئیسلامی و قوتابخانەی برایاندایە.**

گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بزافە ئیسلامیەکانی بە ئاگا هێنایەوە و بەشداری شۆڕش و خۆپیشاندانەکانی پێکردن، لەوێشەوە توانیان لەزۆر جێگا متمانەی جەماوەر لە هەڵبژارنەکاندا مسۆگەر بکەن و ئەوەش لەبەرامبەر شکست و دۆڕانی ڕەوتە عەلمانی و قەومی و دیکتاتۆرەکان دا ، تورەیی جەماوەری موسڵمانی بندەستی عەلمانیەتی عەرەبی و شەرقی هاوکێشەی ڕەوشی شۆڕشەکانی

بەقازانجی  ئیسلامەیەکان شکاندەوە  ، لە کوردستانیش ئیسلامیەکان دیواری ترسیان تائاستێک لەقکردەوە و پەردەی شەرمنیان دڕاندوە و کەوتونەتە جموجوڵ و دەربڕینی و بێزاری لەبەرامبەر دەستەڵاتی عەلمانی کوردیدا. خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا و یەک ڕیزی و یەک هەڵویستیان لە بەگژا چونەوەی گەندەڵی و ئاراستە کردنی ڕەخنەی توند، تارادەیەکی زۆر ( یەکگرتوو  کۆمەڵ)ی ئیسلامی لە یەک نزیک کردەوە و جارێکی تر جەختیان لەسەر پرۆژەی  ئەخلاقی و ئیسلامی وەک زەرورەتێک بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێم  کردەوە، ئەمە جگە  لەوەی لەلایەن  هەندێک لە قیادەی کۆمەڵ و یەکگرتووە وە  باس لە نزیکبونەوە و هەندێک جاریش باس لە یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە ئیسلامیە  ئەکرێت ...



ئایا پرۆژەی نزیکبونەوەی ڕەوتە جیاوازەکانی ئیسلامی تەنها دروشم ی ڕاگەیاندنە یاخود ئەکرێت گۆڕرانکاریەکانی ناوچەکە و خێرایی ڕەوتی ڕوداوەکان ئەو هەستە فکرییەی لا دروست کردبن؟

ئایا ئەزمونی ڕابوردوو لە یەکگرتنی باڵ و گروپە ئیسلامیەکانی هەرێمدا تاچەندە  لەمپەر و بەرگر لەقەناعەتی قیادەی ئەو دوو پارتە ئیسلامیەدا دادەنێت بۆ لێکنزیکبونەوەیان؟

ئەکرێت ئیسلامیەکانی کوردستانی باشور لە دید و خوێندنەوەی فکریان بۆ ئاین و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگا بگەنە تێڕوانینێکی هاوشێوە، یاخود تەنها لەئاستی پرۆژەی سیاسی و پرۆسەی چاکسازیدا نزیکبونەوە لە نێوانیاندا مومکینە؟

ئایا کاریگەرییە فکریی و تەسەورە دینیەکانی پشت جوڵانەوەی حزبیی ( یەکگرتوو  کۆمەڵ ) ی ئیسلامی ئەبنە پاڵنەر و ڕێخۆشکەر بۆ لێک نزیکبونەوەیان - بەتایبەت کەباس لەوە دەکرێت مەرکەزیەت و مەرجەعیەتی ئیسلامی سیاسی ئەو دوپارتە  لە دوو چاوگەی جیاوازەوە قەراری گرتوە کەبریتین لە : (ئیخوان موسلمین)ی میسر  و ( ئینقیلابی شۆڕشی  ئیسلامی ) ئێرانی — یاخود بەپێچەوانەوە هەرخەونێکی لەو  چەشنە لە بازنەی مەحاڵدا ئەهێڵێتەوە..؟!

-----------------

گفت و گۆیەکی تایبەت لەسەر پرسی (یەکبون و یەکگرتنی  پرۆژەی ئیسلامی لە کوردستانی باشوردا) لە گەڵ هەردوو نوسەر و ڕۆشنبیری  ئیسلامی (فازیل  قەرەداغی) و (فاتیح سەنگاوی)

**ئا:  گۆڤاری ڕوون**

**ڕوون: تاچەندە بڕواتان بە لێک نزیکبونەوە و یەکگرتنی ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**فازیل قەرەداغی:** لێکنزیکبوونەوەو یەکگرتن دوو شتی جیاوازن، جیاوازییەکەش گەورەتر دەبێت کاتێك فیکر جیاوازتر بێت. لێکنزیکبوونە دەکرێتو ئاسانە، بەڵام یەکگرتن بەو واتایەی دوو حزبی ئیسلامی ببنە یەك زەحمەتترە چونکە مەرجعیەتی فیکریی ئیسلامییەکان وەکو نییە با فیکریشیان لەیەکەوە نزیك بێت. ئەو حزبانەی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی دادەمەزرێن یەکگرتنیان ئاسانترە بەو مەرجەی ڕێککەوتن لەسەر بەرژەوەندییەکان هەبێت بەڵام ئەو حزبانەی لەسەر مەبدەئ دامەزراون یەکگرتنیان بەو ئاسانییە نییە چونکە ناکۆکیی فیکری ڕێگر دەبێت، ئەگەر یەکگرتنەکەش ڕوویدات یەکگرتنێکی لەق دەبێت.

**فاتیح سەنگاوی:** بەناوی خوای گەورە، بێگومان بڕوام بە لێك نزیکبونەوە بگرە یەکگرتنی ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە ، ئەمە لەڕووی قەناعەت و بۆچونی فیکرییەوە... بەڵام چۆن و کەی؟ ئەوەیە دەبێت گفتوگۆ و قسە و باسی زۆری لەسەر بکرێت ، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوون بین و تەنها لەژێر کاریگەریی سۆز و عاتیفەدا لە بابەتێکی وا هەستیار نەڕوانین

**ڕون: نزیکبونەوەی ئیسلامیەکان لەیەکتر لە پرۆژەی سیاسیدایە یاخود بواری فکر و تێڕوانینیشیان بۆ کایەکانی ئیسلام ئەگرێتەوە.؟؟**

**فازیل قەرەداغی:** نزیکبوونەوەکە لە پرۆژەی سیاسییە چونکە ئەمەیان شتێکی دیاریکراوە بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو و لەناو چوارچێوەی ئەو کارانەیە کە پێشتر بڕیاری سیاسیو شەرعییان لەسەر درابوو. بۆ نموونە کاتێك حزبە ئیسلامییەکان بڕیار بدەن بە یەك لیست لە هەڵبژاردن دابەزن ئەوان پێشتر بڕیاریان لەسەر شەرعییەتی چوونە ناو هەڵبژاردن داوە. زۆربەی هەر زۆری، ئەگەر هەموو، چالاکییە سیاسییەکان بەم شێوەیەی هەڵبژاردن حوکمی

شەرعییان لەسەر وەرگرتووە بۆیە نزیکبوونەوە لـەو بـوارە ئاسـانترە، هـەروەها زیـاترو زووتـر دووبارە دەبێتەوە چونکە کاری ڕۆژانەیە یان ساڵانەیە. بواری فیکرو تێڕوانینیش بۆ کایـەکانی ئیسلام دوو بەشە: یەکەمیان ئەوەی پێشتر بڕیار لەسەر دراوەو ئەوەیان دەبێتە بناغە بۆ کاری سیاسیی ڕۆژانە کە لەسەرەوە باسم کردو دەکرێت حزبە ئیسلامییەکان لەبارەیانـەوە ڕێـك بـن وەك بۆ نموونە بەشداریکردن لە هەڵبـژاردن، دەشـکرێت لەبارەیانـەوە ڕێـك نـەبن وەك حاڵـەتی چەکداری لەکاتی هەبوونی توانا، یان قبووڵکردنی ئەوەی غەیری موسڵمانێك ببێتـە سـەرۆکی وڵات، دووەمیشیان وەڵامی فیکریی بۆ پرسـیارە نوێکـانی دەوێـت کـە ڕەنگـە وەڵامـی هـەر حزبێك وەکو وەڵامی ئەوی تر نەبێت.

**فاتیح سەنگاوی:** بێگومان دەبێت لە هەموو ڕویەکەوە بێت ، چونکە نزیـك بونـەوە و پاشـان یەکگرتنیش زەمینەی هاوبەشی فیکری و سیاسیی دەوێـت، تێـڕوانینی تاڕادەیـەك وەك یـەك یـان نزیـك لەیـەك بـۆ کایـە جۆربـەجۆرەکانی ئیسـلام هۆکـارێکی سـەرەکی و گرنگـی ئـەو هەنگاوەن...

بەدەر لە ڕەخساندنی دۆخێکی ساز و گونجاو، چ لە بواری فیکریدا بێت یان سیاسی سـەرگرتن و بەرەو پێشچونی پرۆژەیەکی لەو شـێوەیە دەکاتـە کـار و هـەنگاوێکی پـڕ ئاسـتەنگ ئەگـەر نەیکاتـە ئەسـتەم و موسـتەحیل... بـەڵام بـە بۆچـونی مـن ئیسـلامییەکانی کوردسـتان یـان زۆرینەی هەرەزۆریان لە زۆربەی بابەتە فیکری و سیاسییەکاندا ئەگەر وەك یـەکیش نـەبن زۆر دوور نین لە یەکەوە، تێڕوانینیشیان بـۆ کایـە و بـوارە جۆراوجۆرەکـانی ئیسـلام جیاوازییـەکی ئەوتۆی تێدا نییە یاخود زۆر جەوهەریی نین... ڕاسـتە لەسـەر ئاسـتی تـاك و نوخبـە هەنـدێ جیاوازی هەیە بەڵام دەبێت زەمینەسازیی بۆ لێك نزیك بونەوەی ئەو دۆخەش بکرێت .

گرنگە لێرەدا بۆچونی نوخبە و ئەندامانی هەردوولا بەهەنـد وەربگـیرێ و ڕێ خۆشـکەری ئـەو نزیـك بونـەوە و یەکگرتنـە بێتـە ئـاراوە... چـونکە نزیـك بونـەوە و یـەکگرتن پـێش ئـەوەی لەسەرەوە و بە بڕیاری سیاسی ئەنجام بدرێت دەبێت قەناعەتی ئەندامانی خـوارەوە و نوخبـەی

ڕۆشنبیری ئەو پارتانە بێت کە دەیانەوێ هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێن... ئەگینا بێ هودە و بێ سەرەنجام دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت چەندین کۆڕ و کۆبونەوە و دانیشتنی جۆراوجۆری بۆ ساز بکرێ لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا بەتایبەتی بۆ ئەندامانی خوارەوە و جەماوەریی هەردوولا، هاوکات لەگەڵ هەماهەنگی لەبواری ڕاگەیاندن و هەڵوێستی سیاسی و کاری جۆراوجۆری تردا.

**ڕون: یەکگرتنی (بزوتنەوە) و (ڕاپەڕینی) ی ئیسلامی لەرابوردودا ئەزمونێکی تاڵ و نەخوازراوی نیشاندا‌ین، ئایا لە حاڵەتی نزیکبونەوەی کۆمەڵ و یەکگرووی ئیسلامیشدا ترسی ئەوەتان نیە هەمان ئەو کارەساتانە ڕوو‌بداتەوە؟**

**فازیل قەرەداغی:** لەڕوویەکەوە بەڵێ‌و لەڕوویەکەوە نەخێر. ئەزموونی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، کە من خۆم لەناوی ژیابووم، هێندە تاڵ بوو وا لە مرۆڤ دەکات ڕەشبین بێت بەرامبەر هەر یەکگرتنێك بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو ئەنجامەی هەبوو کە دوو خەت لەو حزبە زانییان لە فیکرو تێڕوانین بۆ کاری ئیسلامی لەیەکەوە نزیکن بۆیە پێکەوە حزبێکی نوێیان دروست کردو حزبێکی سەرکەوتووتر بوو لە بزووتنەوەی یەکبوون، نەك تەنها سەرکەوتووترە بەڵکو زۆر سەرکەوتووترە. لە حاڵەتی کۆمەڵ‌و یەکگرتوو ڕەنگە هەمان حاڵەتی سلبی ڕووبدات بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر، لەگەڵ ئەوەش پێویستە ورد دیراسەی هەر یەکگرتنێك بکرێت‌و ئێستا ئەزموونە کۆنەکە هەیە بۆیە توانای ئەوە هەیە دوو حزبەکە نەکەونە هەڵەی گەورەوە، بەڵام بۆ تەنها لێکنزیکبوونەوە یان تەنها کاری هاوبەش دەرفەتی سەرکەوتن زۆر گەورەترە.

**فاتیح سەنگاوی:** ئەو یەکگرتنە بناغەکەی پتەو نەبوو، پاڵنەرە عاتیفییەکانی زیاتر بون، بزوتنەوە خۆی لەخۆیدا چەندین باڵ و میحوەربون و کێشەی شەخسەنە و بنەماڵە و بۆچونی

جیاوازی فیکری و سیاسی تێدا بـوو، لـەو یەگرتنـەدا زیـاتر کێشـە قیادییـەکان بـون وەك لـە ئەندامان و نوخبەی رۆشنبیر، هەر چەند لەناو ئەندامان و نوخبەی رۆشنبیریشدا هـەبوو بـەڵام کەمتر بوو...

نزیکبونـەوەی کۆمـەڵ و یـەکگرتوو لـە زەمینەیـەکی سـاز و گونجاوتردایـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بێـت پێویسـتە هـەنگاوی مەحکـەمی تێـدا بنرێـت و نەخشـەی لەسـەرەخۆ و درێژخایەنی بۆ بکێشرێ و پەلەپەلی تیانـەکرێت و ڕەچـاوی ریزبەنـدی و پلـە بەنـدی بکـرێ و لەسـەر هـەردوو ئاسـتی قیـادە و قواعیـد کـاری جیـدی بـۆ بکـرێ و بەچـالاکی هاوبـەش و هەماهەنگی لەسەر ئاست و بـوارە جیـاوازو جۆراوجۆرەکـان ئـەم پرۆسـەیە بـەرەو سـەرکەوتن ببرێت. ئەگینا هەمان مەترسی لە ئارادایـە و چاوەڕوانی بـاریی ناهـەمواریی لـێ دەکرێـت و دەکرێ ببێتە هۆی شکستی پرۆسە و پرۆژەکە.

بەکورتی مەترسی لە ئارادایە بەڵام دەکرێ نەهێڵرێت و چارەسەر بکرێـت ئەگـەر بەویسـتێکی دڵسۆزانە و لێزانانەوە کار بکرێ .

ڕون: لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٠٠٩ ( یەکگرتوو - کۆمەڵ) لەناو لیستێکدا جێگـەیان نەبویەوە و دواجار لەبەریەکیان هەڵوەشاندەوە .....، چ گرەنتیـەك هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە چـوار چێوەیەکی سیاسی یاخود فکریدا مودارات بکەن ، لە کاتیکدا بۆچـونی جیاوازیـان هەیـە لـە بارەی زۆرێك لە پرسە دینی و سیاسیەکانەوە؟

**فازیل قـەرەداغی:** ئەوەی ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە کۆمەڵو یـەکگرتووەوە نـەبوو بـەڵکو پەیوەندیی بە هەبوونی دوو حزبی غەیری ئیسلامی لە لیستەکەوە هـەبوو و ئـەوە بـووە هـۆی دەنگنەدانی زۆرێك لە دیندارەکان بەو لیستە، ئێمە نـازانین ئەگـەر لیسـتەکە تـەنها ئـەو دوو حزبە ئیسلامییە بووایە ئەنجامەکان چی دەبوون بەلاّم بەئەکیدییەوە ئەو جەماوەرەیان لەدەست نەدەدا، بەرامبەر بەو قازانجەش ئەو خەڵکەیان لەدەست دەدا کە دیندار نین بەلاّم ئەو تەجروبە

نوێیەیان بەدڵ بوو. هەرچەندە یەك لیستی ئیسلامی کارێکی زەحمەت نییە بەڵام زەمانـەتیش نییە بۆ مانەوەی ئەو لیستە یان دروستکردنی هاوپەیمانییەکی ئیسلامی لـەدوای هەڵبـژاردن، واتە هەبوونی کوتلەیەکی ئیسلامیی لە پەرلـەمان بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نییـە هاوکـاریو هەماهەنگی دروست نابێت. ئەو هاوکارییە بەبێ هەبوونی کوتلەکە دەکرێت.

**فاتیح سەنگاوی:** هەموو ئەو قسانەی دەیکەین لـەو رووەوە نییـە ئێمـە بەحـەرام یـا خراپـی ببینین چەند کۆمەڵ و گروپێکی ئیسلامی بن ئەگەر پاساوو بیانوی دروستیان هەبێ و بونیـان خزمەت بە واقیعەکە بکات... بەڵام وەهـا دەبیـنین لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـەهێزتر بـونی



رەوتی ئیسلامی (بەتایبـەت تـاوەکو ئێسـتە لەپلـەی چـوارەم و پێنجەمدایـە) ئـەوەی لـێ دەخـوازێ هێـزو گـوڕی زیـاتر بـەخۆی بـدات و بتوانێـت چـالاکانەتر خزمـەتی دۆزە جۆراوجۆرەکانی هـەرێمی کوردسـتان بکـات ، سـەرەکی تـرین هۆکـاریش یەکڕیزی و یەکگرتنی ئـەو هێزانەیـە بـەڵام بەشـێوەیەکی راسـت و دروست... ئەمەش هیچ کات نابێتە رێگـر لـەوەی چـەندین گـروپ و کۆمەڵـەو دەزگـای سـەربەخۆی جۆراوجـۆر هـەبن و مەرجەعییەتێکی ئیسلامیان هەبێ و کاری مەدەنی و ئەهلی بکەن و بەدەریش بن لە حیزبـە ئیسلامییەکان ... یان کەسایەتی ئیسلامی رەمز هەبێ و بەرۆڵی خۆی هەستێ بەدەر لـەوەی ئەندامی حیزبی ئیسلامی بێت... چونکە کـاری ئیسـلامی نابێـت تـەنها لـەکاری سیاسـی و

حیزبییدا قەتیس بکرێت بەڵکو دەکرێ لە بوارە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و زانستی و ... تد...
چەندین کاری ناوازەو بەکەڵك ئەنجام بدرێ.

کاتێ لیستەکە بەگشتی لێك هەڵوەشا ، مانەوەی ئەو دوو لیستە بە بۆچونی ئەوان بە پێویست نەبینرا، ئەمە جگە لەوەی هێشتاش گرفت هەیە لە تێگەیشتنی ئاست و قەبارەی تەواوی جەماوەریی هەردوولا... هەر چەندە من وانابینم و دەکرێ بەپێی هەڵبژاردنەکان بگەین بە دەرەنجامێکی تا ڕادەیەك روون، با هەڵکشان و داکشانیش هەبوبێ...

لانیکەم ئەوەی ڕویدا هەست و مافی جیاوازبون بوو، ئەوەشی دەگەیاند کە مەسافە و مەوداکانی نێوانیان هێشتا هەن و کەم نین... بێگومان کاتێ دوو حیزب لە پرۆسەیەکی وەهادا بن، هەر یەکەی داوای ئیستیحقاقی خۆی دەکات و لەکاتی ڕێك نەکەوتنیشدا ئەوا بەو دەرەنجامە دەگەن کە ماڵ جیایەکی لێ دەکەوێتەوە... ئەمە لە روی سیاسییەوە مافی خۆیانە، بەڵام بۆ دوو حیزب کە بەنیازی کاری هاوبەش و هاوکاری بگرە یەکگرتن بن لە مەودایەکی دووردا دەبێت بە مرونەتی زیاترەوە کار بکەن و هەماهەنگیان زیاتر بێت.

بەڵام ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دوای ئەوە مەودای لێککەیشتن و لێك نزیك بونەوەی زیاتر کردووە.

سەبارەت بە پرسە جیاوازەکانی نێوانیان فیکری یا تێڕوانین بێ بۆ هەندێ بابەتی دینی یا سیاسی من وای نابینم یەکجار دوور بن ، دەزانم وەکو چەند کەسێکی نوخبە هەندێ گرفتی فیکریی هەیە بەڵام شایستەی چارەسەرن، بێگومانیش لە پرۆسەیەکی وەهادا کەمینەیەکی ناڕازی هەر دەمێنێ... بەڵام نابێت ببێتە ڕێگر... چونکە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی زۆر گەورە و فرەن گەر بەدروستی هەنگاو بنرێ و بەئەنجام بگەن...

**ڕون: زۆر جار لەلایەن ئیسلامیەکانەوە تۆمەت و گومان ئاراستەی یەکتری دەکریت بەتایبەت لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکاندا، بۆنمونە هەندێک لە قیادەی کۆمەڵ ئەیانوت یەکگرتوو: (ئیسلامیی بونی خۆی پێشەرمە) ، یاخود هەندیک لە قیادەی**

**یەکگرتوو تێڕوانینی فکری کۆمەڵ بۆ ئیسلام بە تێڕوانینێکی(دینی و چەقبەست و ) ئەزانن، ئەم دیدانە سەلمێنەری مەحاڵ نین بۆ نزیکبونەوەی ئەم بزافە ئیسلامیانە؟**

**فازیل قەرەداغی:** پێویستە سەیری حاڵەتە گشتییەکە بکەین واتا بیرکردنەوەی سەرکردایەتی و پەروەردەی ئەندامانی خوار سەرکردایەتی. سەرکردایەتی پەروەردەی ئەندامەکانی دەکات، ئەگەر سەرکردایەتی فێری تانەلێدان بێت و فێری دەستخستنی دەرفەتە بۆ شکاندنی بەرامبەرو فێری خۆپەسەندی و بەکەمزانینی بەرامبەر بێت باسکردن لە لێکنزیکبوونەوە شتێکی زیادەیە. سەرکردایەتیی حزب ئەگەر حەکیم و هێمن بێت و شوێنی کاردانەوە نەکەوێت و کەسانی ناو سەرکردایەتی لەخۆیانەوە قسە نەکەن هەرچی قسەیەك جاروبار دەردەچێت کارێکی زۆری نابێت.

**فاتیح سەنگاوی :** بەبۆچونی من ئەو هەڵوێستانە نابنە ڕێگر و کارەکە ناکەنە موستەحیل، ڕاستە کۆسپی بۆ دروست دەکەن... هەندێ لەو قسە و هەڵوێستانە زەڵلەی لیسان و تای هەڵبژاردنە وەکو دەڵێن و هەندێکیشی لەوانەیە قەناعەتی هەندێ کەس بێ کە دواجار یان لەگەڵ واقیعەکەدا خۆ دەگونجێنن یان هەندێ گرفت و خراپ حاڵی بون دروست دەکەن بەڵام لەبەردەم ئیرادەی ڕاستەقینە و کاری دڵسۆزانەدا ناتوانن ڕەوایەتییان تا سەر بمێنێ ...
بەراوردکردنی ئەو لێك دوورییە فیکری و سیاسییەی کە سەرەتا لە نێوان ئیسلامییەکاندا هەبووە بە ئێستای ئیسلامییەکان ئەوەمان بۆ دەخەنە ڕوو کە هەنگاوی زۆر گەورە بڕاوە و لێك نزیك بونەوەی زۆر ڕوویداوە ئیتر هۆکارەکانی هەرچییەك بن... بەڵام لەهەموی گرنگتر لەم کارەدا وازهێنانە حەساسیەتی شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی گروپی لەپێناو بەرژەوەندییەکی بەرز و باڵاتردا... سەرەڕای هەنگاوەکانی تر.

ڕون: یەکگرتوی ئیسلامی وەك هەمیشە باڵێك بوە لە ئیخوان موسلیمینی میسرو بە دید و ئاراستەی فیکری و تەنانەت سیاسی ئەو کۆمەڵە کاریگەر بوە و کاریکردوە، کۆمەڵی ئیسلامیش وەك میراتگری بزوتنەوەی ئیسلامی زیاتر لە ژێر کاریگەری شۆڕشەکانی ئەفغانستان و ئێران و....تاد بوە، هەر دوو لاش واتە (جیهادی و دەعەوی) خاوەن دوو ئەزمونی جیاوازن بۆ ئیسلام ،تاچەندە ئەم کاریگەریە دەرەکیەکانە لەمپەڕ و ئاستەنگ دادەنێن لەبەردەم پرۆژەی نزیکبونەوەی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەی هەرێم؟



**فازیل قەرەداغی:** یەکگرتوو وەك بەشێك لە ئیخوان هێشتا ئەو مێژووە جیهادییەی حەسەن بەننای ماوە ئەگەر چی خەتی دەعەوی‌و سیاسیی دوای بەننا زاڵ بووە، کۆمەڵێش کە باوەڕی بە جیهادە باوەڕەکەی جیاوازە لە ڕێکخراوەکانی تر کە ئێستا بە فیعلی جیهادی چەکدار پیادە دەکەن‌و لەو کاتەوەی دروست بووە دەستی داوەتە کاری سیاسیی‌و پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی ترو ئێستا کاری سیاسیی زاڵ کردووە، بەو واتایە کۆمەڵ لەو کاتەوەی دروستبووە بەلای خەتی سیاسی جووڵاوەو لە کاری ئیخوان نزیك بۆتەوە، ئیخوانی دوای بەهاری عەرەبیش بە ئیخوانی پێش ئەو بەهارە نازانم. ئیخوان ئەگەر چی لە میسر بەئاشکرایی خۆی بە خاوەنی خۆپیشاندانەکان‌و تەحەداکردنی دیکتاتۆریەت نەناساندبوو بەڵام هەموو دەزانین کە ئەوان دەستێکی باڵایان هەبووە، کەواتە ئەو بەشێکی گەورە بوون لەو هێزە جەماوەرییانەی نیزامە کۆنەکەیان ڕووخاند، ئێستاش هەڵوێستی تەحەداکردن ئاسانتر بووە لەلای. ئیخوانی دوای بەهاری عەرەبی لای من نزیکە لە ئیخوانی هوزەیبی سەرەتای کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٥٢ی عەبدولناصرو ئەفسەرەکانی تر (کە ئیخوان ئاگاداری ئەو

کۆدەتایە بوو) کاتێك ئیخوان تەحەدای ئەفسەرەکانی دەکرد تا ئەو کاتەی تووشی ئەو گرتن‌و ئەشکەنجەدانە ناودارە بوون. جیاوازییەکەش ئەوەیە ئەو کاتە تەحەدای ئەو کەسانەیان دەکرد کە لە دەسەڵات بوون بەڵام ئێستا خۆیان بەشێکی گەورەن لە دەسەڵات و تەحەدای ئەو لایەنانە دەکەن کە دەیانەوێت لەو دەسەڵاتە دووریان بخەنەوە. کەواتە ئیخوان خیتابی خۆی توندتر کردووەو دەیکات‌و تەنانەت لە کوردستان کە هێشتا بەهارەکەمان نەبینوە یەکگرتوو ئەو تەحەدایەی دەسەڵات دەکات کە پێشتر نەیکردبوو. بەم جۆرەو ئەگەر بگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم هەردوو حزبەکە" کۆمەڵ‌و یەکگرتوو بۆ لای خەتی ناوەڕاست جووڵاون بۆیە ئیمکانیەتی لێکنزیکبوونەوەو هاوکاری لەجاران سەرکەوتووتر دەبن. شتێکی تر یارمەتیدەرە



لەو هەنگاوانە ئەوەیە حەساسیەتێکی کۆن کە هەبووە ئێستا نەماوە. کاتی خۆی حەساسیەتێکی گەورە لەنێوان یەکگرتوو و بزووتنەوەی ڕاپەڕین هەبوو کە دوو خەتی ئیخوان بوون، دوایش کە بزووتنەوەی ڕاپەڕین خۆی بەو ناوە ڕاگەیاندو حاشای لە مەنهەجی ئیخوان کرد ئەو حەساسیەتە کەم نەبووەوە چونکە مونافەسەکە مابوو، کاتی خۆی مونافەسە بوو لەسەر شەرعیەت کە کامیان نوێنەری ئیخوانەو مونافەسە بوو لەسەر ڕاکێشانی ئەندامانی ئیخوان، دواتریش کە کێشەی شەرعیەت نەما بووە مونافەسە لەسەر ڕاکێشانی خەڵکی ئاسایی‌و مونافەسە لەسەر مزگەوتەکان. یەکگرتنی راپەڕین‌و بزووتنەوە ئەو خێرەی هەبوو کە ئەو مونافەسەیەی نەهێشتەوە، هەرچەندە لەلایەکی ترەوە سوودێکی گەورەی هەبوو ئەویش بەئەندامکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاسایی. ئەمڕۆ نزیکبوونەوە

لەچاو بیست ساڵ لەبارترە، بێگومان هێشتا خاڵی ناکۆکی ماونو کێشەی نوێ هاتوونەتە پێش بەڵام ئەو ئەزموونی ئەو دوو حزبەش دەوڵەمەندتر بووە.

**فاتیح سەنگاوی:** ئەوەی تۆ دەیڵێی بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاستە بەڵام بە ڕەهایی نا، چونکە بەشێکی زۆر و بەرچاوی قیادەی کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامیش ئەگەر بەتەواویش لە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی برایاندا نەبوبێتن لە و کاریگەرییە بەدەر نین بگرە من وا دەبینم بۆچون و نوسینەکانی مامۆستا عەلی باپیر بەتەواوی لەژێر کاریگەریی بۆچونی میانەڕەویی ئیسلامی و قوتابخانەی برایاندایە...
پاشانان ئەوانەی کە زیاتر بۆچونی توند و تیژیان بەلاوە پەسەندبوو لە گروپی دیاردا خۆیان جیاکردەوە و لەناو کۆمەڵدا نەمانەوە... سەبارەت بە شۆڕشی ئێران و ئەفغانستانیش وەکو ئەزمون بۆ ماوەیەك کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو ئیسلامییەکان هەبووە، بەڵام دواتر زۆربەی ئیسلامیەکان بەخۆداچونەوەی فیکری و سیاسیان ئەنجام داوە... هاتنە پێشەوەی بزاڤە ئیسلامییەکانیش لە بەهاری عەرەبیدا دید و بۆچونی ئیسلامییەکانی زیاتر لێك نزیك کردووەتەوە و سەرکەوتنیشیان گوژمێکی باش دەبێ بۆ کاری ئیسلامی هەروەك چۆن شکستیان زیانێکی گەورەیە